**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عیراق**

به پێی حوکمی بڕگە(1)لە ماددەی (56) لە یاسای ژمارە (1) ی ساڵی (1992) ی، هەموار کراوو، لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ـ عێراق، ئەنجومەنی نشتمانیی کوردستان – عێراق لە دانیشتنی ژمارە (11)ی رۆژی (2007/10/9) یدا ئەم یاسایەی دەرچوواند:

## یاسای ژمارە( 24 )ی ساڵی / 2007

## یاسای هەمووارکردنی پیادەکردنی یاسای باجی زەوی عەرەسە ژمارە (26) ی ساڵی 1962ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق

**ماددەی یەکەم:**

1- کارکردن بە بڕگەی (1ـ أ) لە ماددەی (4)لە یاسای زەوی عەرەسەی ژمارە (26)ی ساڵی 1962 دەوەستێنرێ.

2- کارکردن بە بڕیاری ژمارە (99) ی ساڵی 1974 دەوەستێنرێ.

3- کارکردن بە بڕیاری ژمارە (483)ی ساڵی 1981 دەوەستێنرێ.

4- کارکردن بە لە بڕیاری (222) ی ساڵی 1977 ، سەبارەت بە باجی زێدە دەوەستێنرێ وئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:

( لێ بوردنی عەرەسەیەك یا زیاتر لە باجی بنەڕەتی بۆ هەرکەسێکی لەسەریەتی بیدات کە رووبەرەکەی یان بەشی شایعی (الحصة الشائعة) لە (600م$^2$) زیاتر نەبێ و باجەکەی لە زیادەکە وەردەگیرێ و خاوەن زەوی عەرەسەکە بۆی هەیە ئەو زەوییە یان ئەو بەشەی کە دەیەوێ لێ بوردنەکە بیگرێتەوە دەستنیشان بکات).

**ماددەی دووەم:**

ئەو زەوییانەی، کە لەناو سنووری شارەوانییەکان بەرامبەر کوژاندنەوەو جوداکردنەوە تەرخان یا بە موڵك دەکرێن و دەگۆڕدرێن لە باجی زەوی عەرەسە بۆ ماوەی سێ ساڵ دەبووردرێن لە رۆژی تۆمارکردنیانەوە بە ناوی خاوەنەکانیان لە بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەری پەیوەندیدار.

**ماددەی سێیەم:**

میراتگرانی شەهید لە باجی عەرەسە لەو پارچەیەی کە بۆیان تەرخان کراوە بەو سیفەتە دەبووردرێن دوای پیشاندانی ئەو بەڵگەیەی کە ئەمە دەسەلمێنێ لە لایەنێکی فەرمی تایبەت، جگەلە مافی لێبووردنی دیکەیان کە لەم یاسایەدا هاتوون.

**ماددەی چوارەم:**

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یا بڕیارێك ناکرێ گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێ.

**ماددەی پێنجەم:**

وەزیری دارایی و ئابووری لە هەرێم، بۆی هەیە رێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاریی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربچوێنێ.

**ماددەی شەشەم:**

کار بە یاساو بڕیارە کارپێکراوەکانی باج دەکرێ، بەمەرجێ لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك نەبن.

**ماددەی حەوتەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران ولایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی هەشتەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی 2008/1/1 دا جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) دا بڵاودەکرێتەوە.

**عدنان موفتی**

**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**

**کوردستان ـ عیراق**

**- هۆیە پێویستەکانی دەرچوواندنی ئەم یاسایە -**

بەمەبەستی گونجاندنی یاسا لەگەڵ سیاسەتی ئابووری هەرێمی کوردستان و لە پێناوی بەدیهێنانی ئامانجەکانی یاساکارییە ئابوورییە تایبەتەکان بە وەبەرهێنان و ئابووری بازار و هاندانی بزووتنەوەی ئاوەدانی و وەبەرهێنانەکان بەشێوەیەکی گشتی و بۆ بەدیهێنانی دادوەریی و سووك کردنی بار گرانی باج لەسەر شانی هاووڵاتییان ئەم یاسایە دەرچووێنرا.

---

**تێبینی: ئەم یاسەیە بەبڕیاری ژمارە ( 31 ) لەساڵی 2007 لەلایەن بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە دەرچوێنرا.**